# " نەخشە بێ لە ئێوەش! "

## مەهاباد کوردی

لە مانگی شەشی ساڵی 1993، لە قوتابخانەیەکی شاری (ترۆلهێتان)ی وڵاتی سوێد کارم دەکرد. لەو قوتابخانەیەدا کە ناوی ـ کرۆنۆگۆردن ـ بوو، بێجگە لە پۆلە سەرەتاییەکانی 1-9، کەسانێکی بێگانەی بەسەلاچووش لە بەشێکی تایبەتیدا دەیانخوێند و، لەوێ فێری زمانی سوێدی دەبوون. یەکێ لە قوتابییەکانم کە ناوی عەبدولباسیت بوو، ئەودەم لە قۆناغی باڵا، واتا پۆلی 7-9 ـی سەرەتاییدا دەیخوێند، کە لای خۆمان بە قۆناغی ناوەندی ناو دەبرێت. عەبدولباسیت بە نەتەوە ئەریتریایی و بە ئایینزاش موسڵمان بوو. خەڵکی ئەریتریا زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بە پلەی یەکەم بە تیگرینا دەناسرێت، بەڵام زۆرینەیەکی ئەریتریاییە موسڵمانەکان بە زمانی عەرەبیش دەئاخڤن. دیارە ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوان خۆیان بە عەرەب دەزانن. ئەم قسەیەش تەنیا لەبەر ئەوە دەکەم، چونکە عەرەبەکان و (کۆمکاری عەرەبی)ش ئەریتریایی و سۆمالی و جیبۆتی و ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەسەر خاکی بەناو (نیشتمانی عەرەب؟؟)دا دەژین، بە عەرەب لە قەڵەم دەدەن. ئێمەی کورد لەم بوارەدا تاقیکردنەوەی تاڵ و خوێناویمان دەگەڵ هەردوو ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراق و سوریادا هەیە.

هەر لە هەمان ساڵدا، پێش ئەوەی شاری ترۆلهێتان بەرەو ستۆکهۆڵم بەجێ بهێڵم، ڕژێمی تاکڕەو و دیکتاتۆریی مەنگێستۆ هێلی مەریام، لە ئەنجامی ڕاپەڕینێکی جەماوەری و سەرتاسەریدا، لە وڵاتی ئەسیوپیا دوا هەناسەکانی ژیانی خۆی دا و ڕووخا. خەڵکی ئەریتریا کە ئەوسا ژێردەستەی ئەسیوپیا بوون، ئەم هەلە زێڕینەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا قۆستەوە و، بە یەکجارەکی و مەردانە بانگی سەربەخۆیی خۆیان و وڵاتەکەیان ڕاگەیاند. ئیدی بەو جۆرە دەوڵەتی ئەریتریای ئازاد، بێگومان دوای خەباتێکی دوور و درێژ و بەردەوام، لە دایک بوو. شایانی باسە ڕۆژی 24 ـی مانگی پێنج لە ئەریتریا، بە ڕۆژی نیشتمانی دادەنرێت. ئەریتریاییەکان ڕێک بە پێچەوانەی کورد و سەرانی، پێشوەخت پێشمەرجی خۆیان لە مشتی دەسەڵاتدارانی نوێی ئەسیوپیا نابوو. دیارە هەر ئەمەش بوو وای لە ڕژێمی نوێی ئەسیوپیا کرد، کە نەتوانێ بە چ جۆرێک ببێتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم داوا ڕەواکانی گەلی بەشخوراوی ئەریتریا. هەر نەتەوەیەک کە نەزانێ چۆن هەل و دەرفەتی زێڕین و هەڵکەوتوو لە بەژەوەندی خۆیدا بقۆزێتەوە، دیارە حاڵی لە کورد باشتر نابێ! هەرچەندە کورد لەم بوارەدا ڕیکۆردی شکاندووە!!

سەرتان نەیەشێنم هەر لەو دەم و ساتانەدا، دانەسبەینەیەک کە عەبدولباسیتی قوتابیم لە من و ڕەوشی کوردان ڕامابوو، بە هەنگاوێکی لەسەرخۆ چوومە بەردەمی و، دەستم لەناو دەستی نا و، پڕ بە

دڵیش پیرۆزبایی سەربەخۆبوونی وڵاتەکەیم لێ کرد. ئەو کوڕەلاوە ڕەشتاڵە ئەریتیریاییە کە لە خۆشیی ڕزگاربوونی وڵاتەکەیدا شاگەشکە بوو بوو، بە نەرمی و هیواخوازییەوە بە منی گوت: نەخشە بێ لە ئێوەش!

پاش یازدە ساڵی تەواو، لەو گەڕەکەی کە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد تێیدا نیشتەجێم، باوک و دایکی عەبدولباسیتم بینییەوە. ئەوان یەکسەر منیان هاتەوە یاد و هەواڵی عەبدولباسیتیشیان پێ ڕاگەیاندم. بەڵێ، ئێستا عەبدولباسیتی ئەریتیریایی ژنی هێناوە و خاوەنی منداڵێکیشە..ئەریتیریا یازدە ساڵ زیاترە دەوڵەتە..دەوڵەتە سەربەخۆکانی سەر ڕووی زەمین ژمارەیان لە دوو سەد نزیک دەبێەوە..سەددامی جەللادی کوردانیش دە زیندانێدا شەو و ڕۆژ بەسەر دەبات..بە کورتییەکەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان وا بەڕێوەن و، پێشناچێ شتەکان هەروا زوو کۆتاییان پێ بێ. ئەوەی پەیوەندیشی بە کوردەوە هەبێ، هەر مەپرسە چ باسە، چونکە کورد تازە بە تازە سەرۆکی (عێراقی تازە)، لە خۆی دەکا بە زاوا!

ستۆکهۆڵم 8-9-2004 mehabadk@hotmail.com